# ئامراز و جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری (شیکردنەوەیەکی تیۆری)

**سارا کمال معروف، توانا فەرەیدون حسێن**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە–** لە دەیان ساڵی ڕابردوودا جیهانگیری ئابوری بووەتە یەکێک لە هێزە کاریگەرەکان، کە جیهانی مۆدێرنی داڕشتووە. بەجۆرێک ئاماژەیە بۆ زیادبوونی یەکگرتنی ئابوریە نیشتمانییەکان لە ڕێگەی لابردنی بەربەستەکانی بەردەم بازرگانی و وەبەرهێنان و ڕۆیشتنی سەرمایە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی بازاڕێکی جیهانی. ئەم گۆڕانکاریە ڕێگەی بە کاڵا، خزمەتگوزاری، کار و سەرمایە داوە کە ئازادانەتر لە جاران لە سنوورەکاندا بجوڵێن، لە ئەنجامدا زنجیرە بەرهەمهێنانی نێودەوڵەتی و سیستەمی دارایی یەکگرتوو سەرهەڵدەدات. ئاڵۆزی و پەرەسەندنی خێرای ئەم دیاردەیە پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵتری کۆمەڵناسی و تیۆری هەیە لە میکانیزمە بنەڕەتییەکانی. ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە لە جیهانگیری ئابوری دەکۆڵێتەوە، بە سوودوەرگرتن لە تیۆری پێکهاتەیی ئەنتۆنی گیدنز و چەمکە گرنگەکەی پاڵەپەستۆی کات-فەزا. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی ئامرازە سەرەکییەکان و جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری. لە ئەنجامیشدا دەگاتە ئەوەی جیهانگیری ئابووری لە کاتێکدا کە بەشدارە لە گەشەسەندنی ئابوری و پەیوەندیکردن، بەتایبەتی لە بازاڕە تازەپێگەیشتووەکاندا، بەڵام نایەکسانی جیهانیش چڕتر دەکاتەوە، پیشەسازییە ناوخۆییەکان کز دەکات و بەشداری لە کێشەدروستکردنی ژینگەیی و سیاسیی جددی دەکات.

**کلیلە ووشەکان:** جیهانگیری، جیهانگیری ئابوری، ئامرازەکانی جیهانگیری ئابوری، جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری.

## پێشەکی:

جیهانگیری یەکێک لە پرۆسە گرنگ و پڕ مشتومڕییەکانی جیهانی هاوچەرخ. بە شێوەیەک چڕبوونەوەی کارلێکە کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی و کەلتوریەکانە لە سنوورەکانەوە و لە ئەنجامدا پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگاکان زیاد دەکات. لەم نێوەندەدا پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای گواستنەوە و پەیوەندی و زانیاری ئەم کارلێکانەی خێراتر کردووە و گرنگی مەودای جوگرافی کەمکردووەتەوە و جوڵەی کاڵا، بیرۆکە، سەرمایە و تەنانەت مرۆڤەکانیشی خێرا کردووە. لە نێوان ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی جیهانگیریشدا، جیهانگیری ئابوری پێگەیەکی گرنگی هەیە و ئاماژەیە بۆ گەشەسەندنی یەکخستنی ئابوریە نیشتمانییەکان لە یەک بازاڕی جیهانیدا لە ڕێگەی ئازادکردنی بازرگانی، فراوانبوونی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان، جوڵەی سەرمایە و ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابوریە جیهانییەکان. ئەم پرۆسەیە شێوازەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی گۆڕیوە و ڕۆڵی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕێکخستنی ئابوریدا داڕشتووەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسی بۆ جیهانگیری ئابوری دەکات بە تایبەت ئامراز و جۆرە سەرەکییەکانی. بەجۆرێک لە جیهانگیری ئابوری نەک تەنها وەک پرۆسەیەکی ئابوری، بەڵکو وەک گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی کە بەرهەمهێنان، ئاڵوگۆڕ و حوکمڕانی لەسەر ئاستی جیهانی ڕێکدەخاتەوە، دەکۆڵێتەوە. توێژینەوەکە ئامرازە سەرەکییەکان دیاری دەکات کە جیهانگیری ئابوری لە ڕێگەیەوە کاردەکات، لەوانە کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان، بلۆکە ئابووریە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان، پێشکەوتن لە تەکنەلۆژیای پەیوەندی و زانیاری، تۆڕەکانی میدیای جیهانی، و دامەزراوە دارایی و بازرگانیە نێودەوڵەتییەکانی وەک سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بانک و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی. ئەم ئامرازانە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە ئاسانکاریکردنی ڕەوتی نێودەوڵەتی کاڵا، سەرمایە، کار و زانیاری. دواتریش جۆرە سەرەکییەکانی جیهانگیری ئابوری و لێکەوتە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی هەڵدەسەنگێنێت. لە کاتێکدا ئەم پرۆسانە بەشدارییان لە گەشەی ئابوری و فراوانبوونی بازاڕ و زیادبوونی پەیوەندی جیهانی بەیەکەوە کردووە، بەتایبەتی لە ئابوریە تازە گەشەسەندووەکاندا، بەڵام نایەکسانی ئابوری کۆمەڵایەتیشیان دروستکردووە و توانا بەرهەمهێنانی ناوخۆییان لاوازکردووە، سەروەری دەوڵەتیان سنووردار کردووە و کێشەی ژینگەیی و سیاسی بەرچاویان دروستکردووە.

## یەکەم
## ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە:

### کێشەی توێژینەوەکە The problem of study

یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەک بریتییە لە کێشەی توێژینەوە، ئیتر توێژینەوەی زانستە سروشتییەکان بێت یان زانستە مرۆییەکان. واتە هەڵبژاردن و داڕشتنی کێشە یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی پرۆسەکە، بەهۆی ئەوەی خاڵی دەستپێکە بەرەو خاڵەکانی دیکەی توێژینەوە، بەجۆرێک هەندێک لەوانەی بایەخ بە توێژینەوە دەدەن پێیان وایە دیاریکردنی کێشە بریتییە لە نیوەی توێژینەوەکە

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (7)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp57-63

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 26 أيار 2025؛ قُبل في 13 تموز 2025؛ نُشرت في 14 كانون الثاني 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: sara.maarouf@nit.edu.krd, twana.husein@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2026 سارا کمال معروف، توانا فەرەیدون حسێن. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

(زێباری،٢٠١٨: ١٢٥). لێرەشدا کێشەکە لە ناونیشانی توێژینەوەکەمانەوە سەرچاوەی گرتووە. پرۆسەی جیهانگیری ئابوری بە شێوەیەکی بەربڵاو باڵی بەسەر دوونیای مۆدێرندا کێشاوە، هەربۆیە پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە کە ئامرازەکانی جیهانگیری ئابوری چین؟ لەپاڵ ئەوەدا جۆرەکانی کامانەن؟ لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی تیۆری هەوڵدەدرێت ئامراز و جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری روون بکرێتەوە بەو پێیەی بابەتێکی گرنگە لەنێو کایەی کۆمەڵناسی ئابوریدا و جێی بایەخێکی گەورەی کۆمەڵگای مۆدێرنە.

## گرنگی توێژینەوەکە The importance of study

سەبارەت بەم توێژینەوەیە کە توێژینەوەکەی تیۆرییە بە ناونیشانی (ئامراز و جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری)، کۆمەڵێک گرنگی لە خۆیدا کۆدەکاتەوە کە بریتییە لە ١. گرنگیدان بە دەرخستنی ئەو ئامرازانەی لەرێگایەوە جیهانگیری ئابوری بڵاو دەبێتەوە و جێگای خۆی جێگیر دەکات، ٢. گرنگیدان بە دیاریکردنی جۆرە جیاوازەکانی ناو جیهانگیری ئابوری بە شێوەیەکی تیۆری.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە The aims of study

ئامانجی توێژینەوە رەگەزێکی گرنگە لە هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا، دەکرێت ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بەم جۆرە بخەینەڕوو:

1) دەرخستن و شیکردنەوەی ئامرازەکانی جیهانگیری ئابورییە بە شێوەیەکی تیۆری.
2) دیاریکردنی جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری.

## میتۆدی توێژینەوەکە Research methodology

میتۆد بریتییە لە هەنگاوێکی زانستی رێکخراو و یەکبەدوایەک کە توێژەر هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی دوای دەکەوێت بە مەبەستی جێگیرکردنی ئەو ئامانج و گریمانانەی کە لە پێشەکی توێژینەوەکەیدا وێنای بۆ کردوون (حمداوي،٢٠٢٠: ٢٩). ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تیۆرییە، بە شێوازی وەسفی شیکاری، بە ئامانجی شیکردنەوەی ئامراز و جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری.

## دووەم
## ئامراز و جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری:

سەرەتا ئەگەر بە شێوەیەکی گشتگیری سەیری جیهانگیری بکەین، جیهانگیری وەک چەمک بۆ یەکەمجار لەلایەن فەیلەسوفی کەنەدی 'مارشاڵ ماکلوهان'ەوە (١٩١١-١٩٨٠)، لە کتێبەکەیدا بە ناوی Understanding media: the) (extensions of manکە لە ساڵی (١٩٦٤) بڵاویکردەوە هاتە ناو بواری ئەدەبەوە، بە جۆرێک کە زاراوەی گوندی جیهانی (Global village) بۆ ئەم پرۆسەیە بەکارهێنا. چەمکی جیهانگیری لە قوتابخانە بازرگانییە بەناوبانگەکانی ئەمەریکا وەک هارڤارد و ستانفۆرد و کۆلۆمبیا هەروەها دواتریش لە هەشتاکانی پێشووەوە لە بڵاوکراوە و راپۆرتەکانی رێکخراوە ئابورییە نێودەوڵەتییەکاندا بەکارهێنداروە. جیهانگیری مانایەکی وەک یەکگرتنی کۆمەڵگاکان و تێگەیشتن لە جیهان وەک یەک شوێن پێدەدرێت، بە لەدەستدانی گرنگی سنوورە جوگرافییەکان .(Hasanoğlu,2001:72) هەروەها بە تێکەڵکردنی بازارە جیهانییەکان لە بوارەکانی بازرگانی و وەگەڕخستنی راستەوخۆی سەرمایە و شوێنگۆڕکێ و گواستنەوەی سەرمایە، هێزی کار و کەلتور لە چوارچێوەی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاددا دەبیندرێت (بێک و شرینبێرگ،٢٠٢٠: ١٥).

پێناسە و مانای جیهانگیری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، لای هەندێک تەنها پڕوپاگەندەیەکە کە کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان بەکاریدەهێنن، بۆ هەندێکی تریش پرۆسەیەکە کە شێوەی جیهان دەگۆڕێت و گرنگی سنوور لەناودەبات. جیهانگیری بڵاوبوونەوەی بەها ماددی و رۆحییەکانی وڵاتانە لە سەرانسەری جیهان لە دەرەوەی سنووره نەتەوەییەکان و نەمانی جیاوازی، ڕەنگە ئەو بەهایانەشی کە باس دەکرێن سروشتی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی یان کەلتورییان هەبێت .(Albeni&Eroğlu,2002:17)

واتە دەکرێت بڵێین جیهانگیری پرۆسەیەکی گۆڕانکارییە کە پەیوەندی و کارلێکی نێوان دانیشتوانی جیهان زیاد دەکات بەهۆی پێشکەوتنەکانی پەیوەندیکردن و تەکنەلۆژیاوە، ئەمەش ئاسانکاری بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵا و خزمەتگوزاری و بیرۆکەکان دەکات لە سنوورەکانەوە.

هەریەک لە نوسەران 'John Baylis, Stave Smith, Patricia Owens' لە پێشەکی کتێبی (The globalization of the world politics) باس لە سێ تیۆری بنەڕەتی دەکەن سەبارەت بە جیهانگیری ئەوانیش، مارکسیزم، لیبرالیزم و ریالیزم. بەبڕوای مارکسیستەکان، جیهانگیری دیاردەیەکە کە جیهانی رۆژئاوا پێشەنگایەتی کردووە، لە هەمان کاتدا وەکو بەشێک لە سیستمی سەرمایەداری دەیبینن و پێیان وایە قۆناغی کۆتایی گەشەی سیستمی سەرمایەدارییە. بەبڕوای لیبراڵەکان، لەگەڵ جیهانگیریدا دەوڵەتەکان لە ناوەندی جیهاندا نەماون، بەهۆی ئەوەی ئیدی فاکتەری سەرەکی دیاریکەری سیاسەتەکانی جیهان دیاردەی جیهانگیرییە، کاتێکیش ئەمان دەڵێن ئیتر دەوڵەت لە ناوەندی جیهاندا نییە جەخت لەسەر هەژموونی ڕەهای بازاڕی نێودەوڵەتی لەگەڵ جیهانگیری سەرمایەداری دەکەنەوە و ئاماژە بە دەسەڵاتی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دەکەن. هەرچی ریالیستەکانە، بروایان وایە جیهانگیری دابەشبوونی ناوچەیی جیهان ناگۆڕێت و ناتوانێت هیچ شتێک لە سەروەری دەوڵەتەکان بسەنێتەوە، دەوڵەتان هەمیشە وەک هۆکاری بڕیاردەر لە سیاسەتی جیهانیدا دەمێننەوە (Baylis&Smith,2008:4). واتە وەک دەبینین، هەریەک لەم ڕوانگانەی کە خستمانەڕوو تێڕوانینی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە پرۆسەیەکی دیاری وەک جیهانگیری، بە نموونە ڕوانگەی لیبرالیزم زیاتر ئەرێنی دەبیندرێت، پێیان وایە لەجیاتی ئەوەی کە دەوڵەتەکان دیاریکەری سیاسەتی جیهان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بن، ئیدی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەم ئەرکەیان گرتۆتە دەست و ناوبانگیان بەدەستهێناوە. بە پێچەوانەی ئەمەوە، ریالیزم پێداگری لەسەر بەردەوامبوونی سەروەری دەوڵەت دەکاتەوە و پێیان وایە کە جیهانگیری ناتوانێت سەروەری دەوڵەت و یەکپارچەییەکەی تێکبدات. هەرچی مارکسیزمیشە ڕەخنەگرانەیە بەرانبەری و لایوایە، کە ئامرازێکی درێژکردنەوەی بازاڕەکانی سەرمایەدارییە بۆ گشت وڵاتانی جیهان، بەجۆرێک دەبێتە هۆی زیادبوونی دەسەڵاتی دەستەبژێری سەرمایەدار و ململانێی چینایەتی و نایەکسانی ئابوری.

لە پرۆسەی جیهانگیریدا وڵاتانی جیهان دابەش دەبن بە سەر چەند پۆلێکدا ئەوانیش: وڵاتانی دەوڵەمەندی وەک ئەمەریکا، کەنەدا، ژاپۆن، ئوستورالیا و نیوزلەندا، هەروەها وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئەم وڵاتانە دیاریکەری پرۆسەی جیهانگیرین و ئاراستەی ژیانی ئابوری و سیاسی جیهان دەکەن. وڵاتانی تازە پیشەسازی وەک تورکیا، بەرازیل، ئەرجەنتین، مەکسیک، تایوان، کۆریای باشوور، هۆنگ کۆنگ و سەنگافورە، ئەمانە لە قۆناغی پیشەسازیدان و هەوڵی پێشکەوتن دەدەن لە کەرتی دارایدا. وڵاتانی کشتوکاڵی پێشکەوتووی سنووردار وەک تایلاند، مالیزیا، چین و ئەندەنوزیا، ئەمانە لە سەرەتای گەشکردندان بەڵام زۆر پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن.

ئەو وڵاتانەی لە پرۆسەی گواستنەوەدان، وەک وڵاتانی پێشووی بلۆکی ڕۆژهەڵات، پۆڵەندا، هەنگاریا، ڕۆمانیا و ڕوسیا، هەوڵ دەدەن لە سۆشیالیزمەوە بگوازرێنەوە بۆ پرۆسەی بازاڕی ئازاد. وڵاتانی ئۆپێک وەک سعودیە، کوەیت و قەتەر، کە زۆرێکیان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، ڤەنزوێلا و نەیجیریا هەناردەکارانی نەوتن و ڕۆڵێکی سەرەکییان لە دیاریکردنی سیاسەتی جیهان هەیە، بەڵام ناوبەناو دووچاری چەوساندنەوە و توندوتیژی دەبنەوە. هەندێک لە وڵاتانی هەژاری کیشوەرەکانی ئەفریقا، ئاسیا و ئەمەریکای لاتین، ئەرکی ئەمڕۆیان هاوتەریبە لەگەڵ پێگەی ئەوان لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا. هەژارترین وڵاتەکانی ناو کیشوەری ئەفریقاش، کە بە شێوازی سەرەتایی بەرهەم دەهێنن و پەیوەندییەکی سنوورداریان لەگەڵ ئابوری جیهانی هەیە (Bozkurt,1999:262-263).

لێرەشەوە ئەگەر وردتر ببینەوە لە ڕەهەندە ئابورییەکەی جیهانگیری کە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەیە، بە بڕوای هەندێک لە بیرمەندان و توێژەران لە نموونەی نوسەری ئەمەریکی 'تۆماس فریدمان(1953) 'Thomas L. Friedman' ، تیۆریزانی بەریتانی 'دەیڤید هێلد (1951-2019) 'David Held' و کۆمەڵناس و مێژووناسی ئەمەریکی (1930-2019) 'Immanuel Wallerstein'، جیهانگیری بە پلەی یەکەم دیاردەیەکی ئابورییە و لەبنەڕەتدا وەك دیاردەیەکی ئابوری سەریهەڵداوە، مەبەستیش لێی ئەوەیە جیهان بکاتە یەک بازاڕ، کە تێیدا سیستمی سەرمایەداری زاڵ بێت کە لەسەر ڕکابەری بونیادنراوە، مەبەست لە ڕکابەریش بەدەستهێنانی قازانجە، کە تیایدا بازاڕی ئازاد و ئازادی ئابوری باڵادەستە (عبدالحمید،٢٠٠٦: ٢٠٣). واتە دەبینین پرۆسەکە بە مانای دروستبوونی سیستمێکی ئابوری، بازرگانی و دارایی جیهانی کراوە دێت، تێیدا سەرجەم بەربەستەکان لەبەردەم جموجۆڵی شتومەک، کاڵا، خزمەتگوزاری و فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان هەڵدەگیرێت، سەرمایە و بەرهەم و بازرگانیش بەبێ هیچ کۆت و بەندێک جوڵەی خۆیان دەکەن و بازاڕێکی جیهانی بێ سنوور دروست دەبێت (بارام،٢٠١٧: ٤٠). چەمکەکە زۆرجار بەکاردێت بۆ دەربڕینی زیادبوونی یەکگرتنی ئابوری لە ڕووی کاڵا و خزمەتگوزاری و بازاڕی سەرمایە و لێکچوون لە خووی بەکاربردن لە نێوان هەموو وڵاتانی جیهاندا .(Albeni&Eroğlu,2002:19) دیارە پرۆسەی جیهانگیری ئابوریش هەر بەوە تەواو نابێت کە سەرتاسەری دونیا بگرێتەوە، بەڵکو دەبێت بەرهەمهێنان و بەکاربردنی کاڵاش تیایدا مۆرکی نەتەوەیی لەدەست بدەن و ببنە جیهانی (میسری،٢٠١٣: ٧٦).

لە کاتێکدا پێناسە و دیدگاکان بۆ جیهانگیری لە نێوان تیۆریستەکان و تیۆرەکاندا جیاوازن، بەڵام ئەوەی دیارە جیهانگیری ئابوری بووەتە هێزی باڵادەست کە پێکەوەگرێدانی بازاڕ و کەلتور و کۆمەڵگاکان دروستدەکات. سەرەڕای ئەوەی کە ئایا جیهانگیری دەسەڵات زیاد دەکات یان ملکەچی و ئایا سەروەری دەوڵەت ناهێڵێت یان بەهێز دەکات، بەڵام ئەوەی هاوبەشە ئەوەیە کە هیچ وڵاتێک یان هەرێمێک بەهۆی کاریگەرییەکەیەوە دەست لێنەدراو نامێنێتەوە. واتە جیهانگیری ئابوری نابێت وەک پرۆسەیەکی بێلایەن یان حەتمی سەیر بکرێت، بەڵکو وەک گۆڕانکارییەکی سیاسی و ئابوریی، هەم دەرفەت و پاڵنەر، هەم ناهاوسەنگی بەرهەم دەهێنێت. هەر ئەم سروشتەی وا دەکات، کە لێکۆڵینەوە لە ئامراز و جۆرەکانی ببێتە بابەتێکی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕانکارییە پێکهاتەییانەی کە دروستی دەکات لە جیهانی هاوچەرخدا.

**سەبارەت بە تیۆری سەرەکی توێژینەوەکە :** ئەم توێژینەوەیە سوود لە تیۆری پێکهاتەیی ئەنتۆنی گیدنز و لەناویدا چەمکی پاڵەپەستۆی کات-فەزا ( time-space distanciation) دەبینێت. ئەم چەمکەی ئاماژەیە بۆ ئەوەی چۆن کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان چیتر لە شوێنێکی تایبەت یان ناوخۆییەکاندا قەتیس نین، بەڵکو زیاتر لە مەودایەکی بەرفراوانی کات و فەزادا درێژ دەبنەوە(Giddens,2000:1). لە چوارچێوەی جیهانگیری ئابوریدا، ئەم تیۆرە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە کە چۆن چالاکییە ئابورییە جیهانییەکان، ئیدی لە بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانەوە هەتاکو بازرگانی، سنووورە جوگرافییە تەقلیدییەکان تێدەپەڕێنن و پەیوەندی و کردارە کۆمەڵایەتییەکان لە جیهاندا دادەڕێژنەوە. ئەم توێژینەوەیە بە بەکارهێنانی تیۆری گیدنز، ڕوونکردنەوەیە کە جیهانگیری ئابوری تەنها پەیوەندی بە ڕۆیشتنی سەرمایە و بازرگانییەوە نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە کە چۆنیەتی ژیان، کارکردن، بەکاربردن و پەیوەندیکردنی مرۆڤەکان بەیەکترەوە لە سنوورەکانەوە ڕێکدەخات.

## ئامرازەکانی جیهانگیری ئابوری

جیهانگیری ئابوری بەهۆی کۆمەڵێک ئامرازەوە بەڕێوەدەچێت کە ئاسانکاری دەکەن بۆ یەکگرتنی ئابورییە نیشتمانییەکان بەیەکەوە. ئەم ئامرازانە ڕێگە بە جوڵەی کاڵا، خزمەتگوزاری، سەرمایە، زانیاری و کار دەدەن لە سنوورەکانەوە، ئەمەش دیمەنێکی ئابوری جیهانی زیاتر بەیەکەوە گرێدراو دەردەخات . ئەو ئامرازانەشی کە جیهانگیری ئابوری وەک پرۆسەیەک پێی دەرکەوتووە و جوڵاوە بریتین لە (عبدالعزیز و زکریا،٢٠١١: ٧٠-٧١).

**یەکەم/ کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان:** لە دیارترین ئامرازەکانە کە سەرمایەداری بەکاریدەهێنێت لە ڕاکێشانی ئابوری جیهان بەرەو جیهانگیری. بوونەتە هۆی زاڵبوونی نەخشە جیهانییەکانی بەرهەمهێنان و بازاڕکردن، ڕۆڵیان هەبووە لە بەنێودەوڵەتیکردنی وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان و بازرگانی و خزمەتگوزارییەکان، لە هەمان کاتدا داڕشتنی کەلتوری بەکاربردن بۆ یەکگرتووبوون لەسەر ئاستی جیهانی. چالاکی ئەم کۆمپانیایانە فراوانتربووە و گەشەی کردووە، کار دەکەن بۆ گۆڕینی هەموو جیهان بۆ یەک بازاڕی جیهانی کە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە، ئەمەش لە ڕێگای کارەکانیانەوە بۆ گونجاندنی سیستمی ئابوری، بە پێی ڕاپۆرتێکی ساڵی (١٩٩٥)ی ڕێکخراوی بازرگانی و گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان، (١٠٠٠) کۆمپانیای فرەنەتەوەیی هەبوون لە ساڵی (١٩٧٧)، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٥) بوون بە (٣٧٠٠٠) کۆمپانیا.

**دووەم/ بلۆکە ئابورییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان:** ئەم بلۆکانە سیاسەتی ئابوری سەرمایەداری بەسەر وڵاتانی تازەگەشەسەندوو دەسەپێنن، کە لە بەرژەوەندی ئەواندایە و دەبنە هۆی جیهانگیری ئابوری لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو. نموونەی ئەم بلۆکانە بریتین لە یەکێتی ئەوروپا، ڕێکخراوی بازرگانی ئازادی ئەمەریکای باکوور (نافتا)، هەروەها دەوڵەتانی وەک ئەمەریکا، کەنەدا، مەکسیک و ئاسیا. ئەم بلۆکانە ڕەنگدانەوەی پلەیەکی بەرزی چڕی وابەستەیی یەکتر و دابەشکردنی کاری ناوچەیین لە بوارەکانی وەبەرهێنان و بازرگانی و جۆرەکانی تری ئاڵوگۆڕکردندا.

**سێیەم/ ئامرازی مۆدێرن بۆ پەیوەندی و ئینتەرنێت:** جیهانگیری پەیوەستە بە خاوەندارییەتی زانستی و تەکنەلۆژیا و خێرایی ئاڵوگۆڕ. ئینتەرنێت ڕۆڵی هەبووە لە بەرەوپێشبردنی بیرۆکەی جیهانگیری، زۆربەی ئەو زانیارییانەی لە ئینتەرنێتدا بڵاو دەبنەوە بە زمانی ئینگلیزییە کە لەگەڵ جەوهەر و ناوەڕۆکی جیهانگیری یەک دەگرێتەوە.

**چوارەم/ میدیاکان:** پێشکەوتنی تەکنیکی لە بواری پەخشی میدیادا شۆڕشێکی گەورەی لە ژیانی خەڵکدا هێنایە کایەوە، بە تایبەتی کە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوانەن کە زاڵن و کاریگەرن، بودجەی میدیای جیهان لەم ساڵانەی دواییدا لە چاوەڕوانییەکان تێپەڕیوە، میدیاش جەختی لەسەر بابەتی بەکاربەر و زیادبوونی خواستی کاڵای بەکاربەرە بە جۆرێک کە چەرخی پیشەسازی ڕۆژئاوایی لە جوڵەدا بهێڵێتەوە .

**پێنجەم/ دامەزراوە ئابورییە نێودەوڵەتییەکان:** دامەزراوە ئابورییەکان کە لەلایەن سندوق و بانک و ڕێکخراوی بازرگانییەوە نوێنەرانی دەکرێن لە گرنگترین میکانیزمەکانی جیهانگیری ئابورین، ئەم دامەزراوانە بە ئامانجی بەرزی سەقامگیری و گەشەسەندنی ئابوری جیهانی دامەزراون، بەڵام زۆرجار بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی زلهێزەکانی جیهان باڵادەست بووە بەتایبەتی ئەمەریکا. ئەمەریکا هەوڵدەدات ئەم دامەزراوانە بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی بەکاربهێنێت کە گرەنتی باڵادەستبوونی دەکات و جیهان دەکاتە ئەمەریکی، سەرەتا خەونی ئەمەریکیبوون دوور دەردەکەوێت و بە دەستهێنانی قورسە و وەهمە، بەڵام پلاندانان و ستراتیژی سەرکردەکانی ئەمەریکا کە لە ماوەی دەیان ساڵدا دەستپێیکردووە و بە تایبەتیش لە سەردەمی جیهانگیریدا وای کردووە کە ناوی بنێن ئەمەریکیبوون، کە لەژێر ڕۆشنایی سیستمی نیولیبراڵیزمدا لەسەر باڵادەستی تاک جەمسەر دامەزراوە (عبدالعزیز و زکریا،٢٠١١: ٧٠-٧٢). لێرەدا نموونەی کۆتا وتاری سەرۆکایەتی (ڕێگان تاتچەر) لە ساڵی (١٩٨٨)، دەتوانین بە نموونە وەربگرین کە دەڵێت "دەتوانیت لە ئەڵمانیا، تورکیا، یان ژاپۆن بژیت، بەڵام ناتوانیت ببیتە ئەڵمانی، تورک، یان ژاپۆنی. بەڵام هەر کەسێک، لە هەر گۆشەیەکی جیهانەوە دەتوانێت بێت لە ئەمریکا بژی و ببێتە ئەمەریکی". کە بە ڕوونی بانگەشەکردنی بۆ ئەمەریکیبوون دەردەکەوێت .

**دامەزراوە ئابورییەکان بریتیین لە:**

**1. سندوقی دراوی نێودەوڵەتی(International Monetary Fund)**

یەکێکە لەو دامەزراوانەی جیهانگیری ئابوری پێکدەهێنێت، لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووهەمدا و لە هاوینی ساڵی (١٩٤٤) لە کۆنفرانسی بریتۆن، بە بەشداری (٤٤) وڵات دەستکرا بە پێکهێنانی. بەڵام لەدوای پەنجا ساڵ و لە ساڵی (١٩٩٥)، ژمارەی وڵاتانی ئەندامی بوون بە (١٧٩)، ژمارەی کارمەندانیشی گەیشتە (٢١٥٠) کەس. بەو شێوەیە، دامەزراوەکە نوێنەرایەتی یەکێک لە پایە سەرەکییە چالاکەکانی سیستمی ئابوری جیهانی نوێ دەکات و کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیری دراوی جیهانی. سندوقەکە باڵانسی دراوەکانە، کە لە لایەن هەموو وڵاتانی ئەندامەوە دابین دەکرێت و هەریەکەیان بەپێی ئەو پشکەی بۆی دیاریکراوە (ئەم پشکە بە ڕێژەی چارەکێک لە زێڕ و ئەوەی دیکە بە دراوی وڵاتی ئەندام دابین دەکرێت)، ئەگەر هەر حاڵەتێکی نائاسایی بە سەر وڵاتانی ئەندامدا هات دەتوانێت دراوە پێویستەکان لە سندوقەکەدا ڕابکێشێت. ئەو پشکەی کە وڵاتانیش دەیدەن لە کاتی بەشداریکردنیان لە بوون بە ئەندامی سندوقەکەدا، بە گرنگترین سەرچاوەی کۆکردنەوەی پارەی سندوقەکە دادەنرێت (جنات،٢٠١٧: ٣٩٨).

گرنگترین ئامانجەکانی سندوقەکە بریتیین لە: پشتگیریکردن لە سەقامگیری ئاڵوگۆڕ و پاراستنی ڕێوشوێنی ڕێکخستنی ئاڵوگۆڕ، لابردنی ئەو سنووردارکردنانەی لەسەر چالاکییە دەرەکییەکانن کە ڕێگرن لە گەشەی بازرگانی نێودەوڵەتی، بەشداریکردن لە دامەزراندنی سیستمێکی پارەدانی فرەلایەنە بۆ کارە بەردەوامەکان. پێشخستنی هاوکاریی دراوی نێودەوڵەتی. ئاسانکاری بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی بازرگانی نێودەوڵەتی. هەروەها متمانە بە وڵاتانی ئەندام دەبەخشێت و سەرچاوەکانی سندوقەکە دەخاتە بەردەستیان بۆئەوەی کورتهێنانی باڵانسی پارەکانیان پڕبکەنەوە (طویر،٢٠١٣: ٢٥٣). واتە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بە پێشکەشکردنی سەرچاوە داراییەکان یارمەتی وڵاتانی ئەندام دەدات لە چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگە ئابورییانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەم هەوڵە بەردەوامانەشی بۆ پێشخستنی هاوکاری دراوی نێودەوڵەتی و گەشەی ئابوری سودی دەبێت بۆ پەرەپێدانی ژینگەیەکی ئابوری جیهانیی سەقامگیر و یەکگرتوو.

**2. بانکی نێودەوڵەتی(World Bank)**

ئەو دامەزراوە ئابوریە جیهانیەیە، کە بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی سیستمی دارایی نێودەوڵەتی و گرنگیدان بە جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابورییەکان کە گەشەسەندنی ئابوری وڵاتانی ئەندام مسۆگەر دەکات. لە ساڵی (١٩٤٤) لە بریتۆن دامەزرا، هۆکاری سەرەکی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو لایەنانەی کە بەهۆی جەنگی جیهانی دووهەمەوە لەناوچوون. وڵاتانی ئەندامی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی هەمان ئەندامانی بانکی نێودەوڵەتیش(Kazgan,2009:129). ئامانجە ڕاستەقینەکانی، پاراستنی پێگەی دامەزراوە داراییە گەورەکان و کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکانە لە ئابوری جیهانیدا، هەوڵدان بۆ کردنەوەی بازاڕەکان بۆ بەرهەمی کۆمپانیاکانی دەرەوە، پابەندکردنی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو بە پەیڕەوکردنی هەندێک سیاسەتی ئابوری بە پێی پێداویستییەکانی بازاڕی ئازاد و و جیهانگیری دارایی. جگە لەمانەش، پێدانی قەرز بە وڵاتانی ئەندام بەمەبەستی وەبەرهێنان و هاندانی وەبەرهێنانی تایبەت و چارەسەرکردنی ناکۆکییە داراییەکانی نێوان وڵاتانی ئەندام، لەگەڵیدا قەرزدان بە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو بۆ هاندانی وەبەرهێنان و بە دەستهێنانی گەشەی ئابوری بۆ کارکردن بۆ زیادکردنی خۆشگوزەرانی هەموو وڵات و گەلان بە تایبەت هەژاران، لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە پتەوەی کە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان تەنها لە ڕێگای سەقامگیری ئابورییەوە دەتوانرێت بە دەست بهێندرێن. بەم شێوەیە بانکەکە بووەتە ئامرازێک بۆ خزمەتکردنی جیهانگیری و گەیشتن بە ئامانجە فراوانەکانی بە هەوڵدان بۆ دانانی بناغەکانی سەرمایەداری و سەپاندنی بە سەر هەموو وڵاتانی قەرز وەرگردا (جنات،٢٠١٧: ٣٩٨).

لەم چوارچێوەیەدا، بانکی نێودەوڵەتی گەشەی کرد و چالاکییەکانی فراوان بوون تا ئەو ڕادەیەی وەک گرووپێک هێمای بۆ کرا بەناوی (گرووپی بانکی جیهانی) کە سێ دامەزراوەی سەرەکی لە خۆی دەگرێت بریتین لە (بانکی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان) و (کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدان) و (کۆمپانیای دارایی نێودەوڵەتی). گرووپەکە کار دەکات بۆ یارمەتیدانی گەیشتن بە پێشکەوتنی ئابوری و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان لە ڕێگای ئاڕاستەکردنی سەرچاوە داراییەکان لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئابورییەوە بۆ ئەو وڵاتانەی لە ڕێگای گەشەکردندان، هەروەها پشت بە ستراتیژی تایبەتکردن دەبەستێت بۆ گۆڕینی ئابوری تازەگەشەسەندووەکان بەرەو کراوەیی زیاتر و تێکەڵبوون بە ئابوری نێودەوڵەتی. بۆ ئەم مەبەستەش کاردەکات بۆ بەکارهێنانی هەموو هێزی دارایی خۆی بۆ هاندانی سەرمایەی تایبەتی نێودەوڵەتی بە شێوازی جۆراوجۆر، لەوانە کارکردن وەک ناوەندێک بۆ ڕۆیشتنی پارە بۆ دەرەوە و پێشکەشکردنی هاوکاریی ڕاستەوخۆ بۆ کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان، پاڵ بە زیادکردن و کەمکردنەوەی باج بۆ وەبەرهێنانی بیانییەکان دەنێت. بە کورتی، بانکەکە هەوڵ دەدات پاڵپشتی بە جیهانیکردنی چالاکییە ئابورییەکان بکات، ئەمەش دەکاتە مەرجێک بۆ پێدانی قەرز و هاوکاری (طویر،٢٠١٣: ٢٥١). لێرەدا ئەگەر بەدواداچوونێک بۆ ئەو گۆڕانکارییانە بکەین کە سندوقی دراو و بانک لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە بە سەریاندا هاتووە. دەبینین هەریەک لە سندوقی دراو و بانکیش دوای داڕوخانی سیستمی بریتۆن و دوای ئەوەی ئەوروپا لە وێرانکاری شەڕ پاکبووەوە گۆڕانکارییان لە ئەرکدا بەسەرداهات، دەستیانکرد بە گرنگیدان بە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو. ئەم دوو دامەزراوەیە کە پێشتر بە سەربەخۆ لە یەکتر بەرنامەکانیان بەڕێوەدەبرد، لە چارەکی کۆتایی حەفتاکانەوە ئەم سیاسەتانە گۆڕانکاری بەسەرداهات. ئێستا هەر وڵاتێک لە ناڕەحەتیدابێت پابەندە بە جێبەجێکردنی بەرنامەی سندوقی دراو و بانکەوە، بەم

شێوەیە دەستیانکرد بە مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا، سیاسەتی جیهانگیرییان بۆ ئەو وڵاتە تازەگەشەسەندووانەی کە داوای قەرزدەکەن بە مەرج دانا .

بە وتەی ئابوریناسی ئەمەریکی ستیگلس، زۆرترین گۆڕانکاری لەم دامەزراوانە لە ساڵانی هەشتاکانەوە ڕوویدا کاتێک ڕۆناڵد ڕیگان و مارگرێت تاتچەر بانگەشەی ئایدۆلۆژیای بازاڕی ئازادیان کرد لە ئینگلتەرا و ئەمەریکا، واتە دوو ڕێکخراوەکە داندراون بۆ سەپاندنی بیرۆکەی جیهانگیری بەسەر وڵاتانی هەژاردا کە پێویستییان بە قەرز و بەخشین هەیە. دەبینین لە دوای هەشتاکانەوە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لەبری ئەوەی کار بۆ ئاسانکاری سەقامگیری نرخی ئاڵوگۆڕ و یارمەتیدانی وڵاتان بۆ پاراستنیان لە هەڵاوسانی دارایی بکات، دەستیکرد بە لابردنی هەموو ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆیشتنی سەرمایە و گەڕان بە دوای قازانجدا. هاوتەریب بەمەش، بانکی نێودەوڵەتی لە بری ئەوەی ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنان بکات لە بەرژەوەندی ئابورییە ناوخۆییە هەژارەکان، بووەتە ئامرازێکی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بانکەکە لە تەنها پێدانی قەرز بە پرۆژەی ڕێگاوبان و بەنداو تێپەڕی و دەستیکرد بە پێشکەشکردنی پشتیوانی گشتگیر لەژێر ناوی قەرزی دەستکاریکردنی پێکهاتەیی، ئەم قەرزانە بێگومان کەوتبوونە ژێر ڕەزامەندی سندوقەوە، سندوق هەندێک مەرجی بە سەر ئەو وڵاتانە سەپاند کە دەیانەوێت قەرز وەرگرن. لەگەڵ ڕوخانی دیواری بەرلیندا، بوارێکی نوێی چالاکی بۆ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی سەریهەڵدا کە گواستنەوەی بازاڕی ئازادبوو بۆ کۆماری سۆڤیەتیی و وڵاتانی بلۆکی کۆمۆنیستی ئەوروپا .(Stiglitz,2006:34) هەربۆیە، دەکرێت بڵێین بانکی نێودەوڵەتی دامەزراوەیەکی ناوەندیە، لە پێشخستنی جیهانگیریدا و بووەتە ئامرازێکی بڵاوکردنەوەی سەرمایەداری و تێکەڵکردنی ئابورییە تازەگەشەسەندووەکان لەگەڵ بازاڕی جیهانیدا. لەگەڵ ئەوەی لە دامەزراوەیەکی ئاوەدانکردنەوەی دوای جەنگەوە پەرەیسەند بۆ بەرەوپێشبردنی جیهانگیری و سیاسەتەکانی بازاڕی ئازاد، ئێستا گۆڕانکارییە فراوانەکانی لە سیستمی ئابوری جیهانیدا دەبیندرێت.

### 3. ڕێککەوتننامەی گات و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی (World Trade Organization)

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووهەم و وێرانبوونی ئابوری وڵاتانی جیهان و کەمی پێداویستی لە کاڵا و خزمەتگوزاری لەم وڵاتانە، وایکرد هەندێک ڕێسا بسەپێن بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی جەنگ. لێرەوە، پێویستی بوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سەریهەڵدا کە کار لەسەر هەماهەنگی پەیوەندییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نێوان وڵاتان دەکەن. لە ساڵی (١٩٤٦) زیاتر لە (٥٠) وڵات دانوستانیان کرد بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بازرگانی، لە پەراوێزی کۆنفرانسەکە، (٢٣) وڵات کۆبوونەوە و ڕێککەوتن لەسەر کەمکردنەوەی باجی گومرگ، ڕێککەوتنی گشتی باج و بازرگانی لە (٣١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٧) واژۆ کرا، گات ناونیشانێکی کاتی بوو کە جێبەجێکردنەکەی لە ساڵی (١٩٤٨) دەستپێیکرد، گات سیاسەتی بازرگانی گرتە ئەستۆ کە بازرگانی نێودەوڵەتی کاڵا لە نێوان ئەندامەکاندا ڕێکدەخات، ئەم ڕێککەوتنە بۆ خزمەتکردنی بازرگانی نێودەوڵەتی پەرەی پێدرا، گات ڕێسای پێویستی بۆ ڕێکخستنی ئاڵوگۆڕی کاڵا لە نێوان وڵاتانی ئەندامدا دانابوو بە شێوەیەک کە تا دەتوانرا دوور بێت لە بەربەست و ئاستەنگ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێککەوتنەکە. ڕێکەوتنەکە کۆمەڵێک بڕگە و بنەمای لە خۆگرتبوو وەک، هەموو وڵاتانی ئەندام دەبێت بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، واتە ئەو یارمەتییانەی بە لایەنێک دراوە دەبێ بە لایەنەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکەش بدرێت.

هەروەها ڕێگە بە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو درا کە ئەو سوودانە بە دەستبهێنن کە باقی ئەندامان بەدەستیان هێناوە، بە پابەندبوون بە جیاکاری نەکردن لە مامەڵەکردن لە نێوان کاڵای نیشتمانی و هاوردەکراودا (طویر،٢٠١٣: ٢٥٥).

هەرچەندە گات سەرکەوتووبوو لە کەمکردنەوەی باجی گومرگی، بەڵام پێویستی بە ڕێکخراوێک بوو کە دەسەڵاتی زیاتر هەبێ وەک ڕێکخراوی بازرگانی بۆ ئەوەی ژینگەی زیاتر بگرێتەوە لە پرۆسەی جیهانگیریدا .(Kazgan,2009:140) بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە کۆنە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش جەنگی جیهانی دووهەم کاتێک ڕۆسفێڵتی سەرۆکی ئەمەریکا و چەرچڵی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی بازرگانی جیهانییان خستەڕوو بۆ ئەوەی ئەمەریکا و بەریتانیا کارابن و دەستیان بگات بە کەرەستەی خاوی سەرەتایی، بەڵام دامەزراندنی دواخرا بە هۆی ناشایستەیی ئابوری ئەو کاتەی وڵاتان بۆ چوونە ناو بازاڕێکی تاکی جیهانییەوە (جنات،٢٠١٧: ٣٩٨). بڕیاردرا لە مانگی چواری ساڵی (١٩٩٤) ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لە مەراکیش دابمەزرێندرێت، کە لە (١٩٩٥/١/١) دەستیکرد بە جێبەجێکردن. ئەم ڕێکخراوە بووە چوارچێوەیەکی هاوبەش بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئەندامان (طویر،٢٠١٣: ٢٥٦).

ئامانجی سەرەکی دامەزراندنی بازرگانی ئازادی جیهانییە و ئامانجی ئەوەیە ئابورییە ناوخۆییە داخراوەکان بگۆڕێت بۆ ئابورییەکی کراوە بەڕووی جیهانی دەرەکیدا. لەگەڵ ئەوانەشدا، ڕێکخستنی کارەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بەدیهێنانی گەشەپێدان بە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی وڵاتانی ئەندام و بەشداریکردن لە گەشەپێدانی وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا، هەروەها هەوڵدەدات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان وڵاتانی ئەندام و دۆزینەوەی میکانیزمی پەیوەندیکردن لە نێوانیاندا، لەهەمان کاتدا کەرتی کشتوکاڵیش یەکێکە لە گرنگترین کەرتەکان کە ڕێکخراوەکە پەیوەندی پێوەی هەیە (جنات،٢٠١٧: ٣٩٨). بەم شێوەیە، ڕێکخراوەکە لەگەڵ سندوق و بانکدا لە یەک پێگە وەستاون لە داڕشتن و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی ئابوری نێودەوڵەتی کە کاریگەری لەسەر لایەنە جیاوازەکانی جیهان هەیە.

واتە دەکرێت بڵێین ئەم ئامرازانە، ئیدی هەر لە کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان، بلۆکە ئابورییە نێودەوڵەتییەکان، تۆڕەکان، میدیا و دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان، ئاسانکاری بۆ بڵاوبوونەوەی جیهانگیری بە گشتی و جیهانگیری ئابوری دەکەن، ئامرازی چالاکیشن لە داڕشتنی سیستمی ئابوری جیهانیدا. لە کاتێکدا کە بەشدارن لە یەکگرتن و هاوشێوەبووندا، بەڵام نابێت لەیادمان بچێت، کە لە بەرانبەردا ناهاوسەنگی دەسەڵات لە نێوان باکوور و باشووری جیهاندا قووڵتر دەکەنەوە. بە نموونە دامەزراوەکانی وەک سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی، هەرچەندە بە مەبەستی پەرەپێدانی سەقامگیری ئابوری و گەشەپێدان دامەزراون، بەڵام زیاتر وەک جێبەجێکاری سیاسەتە نیولیبراڵییەکان مامەڵەیان کردووە و دەکەن، کە سوود بە گەلانی دەوڵەمەندتر و کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان دەگەیەنن، لە بەرانبەردا زۆرجار قەرزدانی مەرجداریان سەپاندووە کە ئابورییە ناوخۆییەکان کز دەکەن و سەربەخۆیی دەوڵەت کەم دەکەنەوە و بە تایبەتکردن بەرەوپێش دەبەن بەبێ گوێدانە پێداویستییە ناوخۆییەکان یان دەرئەنجامە کۆمەڵایەتییەکان. جگە لەوەش ئامرازەکانی وەک پەیوەندی دیجیتاڵی و میدیا بەشدارییان کردووە لە یەکسانکردنی شێوازەکانی بەکاربردن، کە لە بەرژەوەندی باڵادەستی کەلتوری و ئابوری ڕۆژئاوان. هەربۆیە ئەم ئامرازانە ئەرکی دوانەیی بەجێدەگەیەنن.

## جۆرەکانی جیهانگیری ئابوری

جیهانگیری ئابوری دیاردەیەکی فرەلایەنەیە کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی یەکگرتنی ئابوری نێودەوڵەتی لەخۆدەگرێت. لەگەڵ زیاتر تێکەڵبوونی ئابورییەکان لە سەرانسەری جیهاندا جۆرە جیاوازەکانی جیهانگیری ئابوری سەریانهەڵداوە، کە هەر جۆرێکیان کاریگەری جیاوازی هەیە و هەریەکەیان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە داڕشتنی دیمەنی ئابوری جیهانیدا. لێرەدا دەیانخەینە ڕوو:

1. **جیهانگیری بازرگانی :(Trade Globalization)** بریتییە لە لابردن یان کەمکردنەوەی سنووردانان لەسەر ڕۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزاری لە نێوان وڵاتاندا. گەشەکردنێکی کۆنتری هەیە بەراورد بە دوو جۆرەکەی تر، ئەم گەشەکردنەش بەهۆی هەوڵەکانی ئازادکردنی بازرگانی نێودەوڵەتی بە هەڵوەشاندنەوەی باجی گومرگی و پشکەکان لە چوارچێوەی ڕێکەوتنی گات کە لە ساڵی (١٩٤٧) دامەزراوە دەستیپێیکرد .(Seyidoğlu,2003:141) هەروەها پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گواستنەوە بەبێ وەستان بەردەوام بوو بە تایبەت لە ساڵانی شەستەکانەوە، ئەم پێکهاتە ئەرێنییانەش تێچووی گواستنەوەیان کەمکردەوە، ئەم پێشهاتە لە توانای وڵاتان بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ یەکتر کاریگەربووە و بەشدارییان لە جیهانگیری بازرگانیدا کردووە. ئەمانە کاریگەربوون لە بڵاوبوونەوەی بازرگانی لە سەرانسەری جیهان و گواستنەوەی بۆ گۆڕەپانی نێودەوڵەتی. پێشهاتێکی تر کە جیهانگیری بازرگانی خێراترکرد ڕێککەوتنی خولی ئۆرۆگایە، بەم ڕێککەوتن و دانوستانە ڕێڕەوی بازرگانی جیهان دیاریکرا و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی دامەزرا .(Aşırım,2021:8) جیهانگیری بازرگانی هەوڵی لابردن یان کەمکردنەوەی بەربەستەکانی بەردەم ڕۆیشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە نێوان وڵاتان دەدات، ئەمەش پەرەی زیاتر بە بازرگانی نێودەوڵەتی و یەکگرتنی ئابوری دەدات. لە ئەنجامدا، ئەم جۆرەی جیهانگیری بووەتە تایبەتمەندییەکی دیاریکەری ئابوری جیهانی هاوچەرخ کە بەشدارە لە گەشەسەندنی ئابوری و پێشکەوتن لە سەرانسەری جیهاندا. بەڵام دەرئەنجامی نایەکسانیشی لە سەرانسەری ناوچەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکان دروست کردووە. بەجۆرێک ئازادکردنی بازرگانی زیاتر لە بەرژەوەندی ئەو ئابوریانەدایە کە ژێرخانی پیشەسازی پێشکەوتوویان هەیە، ئەمەش وایکردووە زۆرێک لە وڵاتانی تازەپێگەیشتووی جیهان لە خەباتدا بن بۆ کێبڕکێکردن لە بازاڕە جیهانییەکان کە کۆمپانیا بەهێزە نێودەوڵەتییەکان زاڵن بەسەریاندا.

٢. **جیهانگیری بەرهەمهێنان :(Production Globalization)** ئەو سیستمە بەرهەمهێنانەیە کە بۆ گۆڕینی بەرهەمی سروشتی بۆ بازاڕی جیهانی دروست بووە. هەندێک لە توێژەران پێیان وایە لە پرۆسەی جیهانگیریدا ڕەفتاری بەکاربەر و بەها کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەسەر ئاستی جیهاندا هاوشێوە دەبن، هەندێک توێژەری تر پێیان وایە گواستنەوەیە لە بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵەوە بۆ بەرهەمهێنان بە پێی کڕیار. هەڵبەتە هەردووکی دروستە لە بری ئەوەی بەرهەمهێنان بە تەنها مەرجێکەوە ببەسترێتەوە، ئیدی هەردوو بەکاربەر و کۆمپانیاکانیش دیاریدەکەن .(Alçingi,2021:19)بە نموونە کاریگەری کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان کە دەتوانن زنجیرەکانی بەرهەمهێنان لەسەر ئاستی جیهان کۆنترۆڵ بکەن لە جیاوازی جوگرافییەوە سەرهەڵدەدات، کە هەموو جیهان وەک ناوچەی بەرهەمهێنان دەکرێتە ئامانج و چالاکییەکانی بەرهەمهێنان دەگوازرێنەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە تێچووی کەرەستەی خاو و تێچووی کاڵا و تێچووی کاریان کەمترە .(Aydemir&kaya,2007:275) واتە جیهانگیری بەرهەمهێنان گۆڕانکارییەکی بەرچاو دەکات لە ئابوری جیهانی هاوچەرخدا، کە تایبەتمەندە بە بەرهەمهێنان بە ئامانجی خزمەتکردنی بازاڕی جیهانی. ئەم جۆرەی جیهانگیریش بەهۆی چەندین هۆکاری جۆراوجۆرەوە بوونی هەیە لەوانە ڕەفتاری بەکاربەر، بەها کۆمەڵایەتییەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، کە کاریگەرییان لەسەر شوێن و سروشتی چالاکییەکانی بەرهەمهێنان هەیە. جیهانگیری بەرهەمهێنان، کاریگەری قوڵی لەسەر ئابوری و کۆمەڵگا و ژینگە هەیە، کە شێوازەکانی گەشەسەندنی پیشەسازی و بازرگانی و دامەزراندن لە سەرانسەری جیهاندا دیاری دەکات . لە کاتێکدا ئەم گۆڕانکارییە ڕێگەی بە یەکگرتنی ئابوری زیاتر داوە، بەڵام شێوەی نوێی وابەستەیی بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتووی دروستکردووە کە زۆرجار لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی بەهای کەمتردا قەتیس کراون.

3. **جیهانگیری دارایی :(Financial Globalization)** ئەم جۆرە بەرهەمی بنەڕەتی پرۆسەی ئازادکردنی داراییە، لە ڕێگای پێشخستنی قەبارەی مامەڵەکردنی پشک و سەنەدات لە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا، هەروەها گەشەسەندن و ئاڵوگۆڕی دراوی بیانییە لەسەر ئاستی جیهاندا (بارام،٢٠١٧: ٤٥). بازاڕەکانی سەرمایە لە جیهاندا وابەستەی یەکترن و سەرمایە شەو و ڕۆژ لە بازاڕە داراییە یەکگرتووەکانی جیهاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت. لە هەموو جیهاندا بەهای ملیارەها دۆلار لە چەند چرکەیەکدا ئاڵوگۆڕی پێوەدەکرێت، سیستمی نوێی زانیاری و تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن ڕێگە بە جوڵەی سەرمایە دەدات لە نێوان ئابورییەکاندا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، واتە سەرمایە سنوورە نێودەوڵەتییەکان دەبڕێت و بە ئازادی لە بازاڕە بانکی و داراییەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر دەجوڵێت و بە دوای دەرفەتی قازانجدا دەگەڕێت .(Adıgüzel,2013:15)ئازادکردنی جوڵەی سەرمایە، ژینگەیەکی گونجاو بۆ کۆمپانیاکان دەڕەخسێنێت بۆ پاشەکەوت و کەڵەکەکردنی سەرمایە و گەشەکردنی خێرا. جیهانگیری دارایی لە هەموو جۆرەکانی تری جیهانگیری کاراتر کاردەکات، کۆمەڵێک دەرفەت دەڕەخسێنێت لەوانە وەبەرهێنان لە وڵاتە جیاوازەکاندا، بەدەستهێنانی قازانج، دۆزینەوەی سەرچاوە لە لایەن ئەو وڵاتانەی کورتهێنانی دراوی بیانیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانەکە و دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە. لەپاڵ دەرفەتەکاندا، هەندێک هەڕەشەشی هەیە وەک مەترسی بەرکەوتن بە هێرش، هەڵگرتنی ژیانی ئاسوودە، شێواندن لە دابەشکردنی داهات و ناکارابوونی دراوی نیشتمانی لە کاتی گۆڕینی بۆ دراوی بیانی .(Alçingi,2021:17) واتە جیهانگیری دارایی، تایبەتمەندە بە وابەستەیی بازاڕەکانی سەرمایە و جوڵەی ئازادی سەرمایە لە سنوورەکانەوە. سەرمایە بە خێراییەکی بێ وێنە لە نێوان وڵاتاندا دەڕوات، ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ وەبەرهێنان، قازانج و تەرخانکردنی سەرچاوە لەسەر ئاستی جیهان.

## ئەنجام

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەی دەرخست، جیهانگیری ئابوری پرۆسەیەکی ئاڵۆز و گۆڕاوە کە تایبەتمەندە بە فراوانبوونی خێرای سنوور بەزاندنی کاڵا، خزمەتگوزاری، سەرمایە و کار، واتە کات و فەزا فراوان بووە بەپێی تێڕوانینی گیدنیز . ئامرازە بزوێنەرە سەرەکییەکانی ئەم پرۆسەیە بریتین لە سەرهەڵدانی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان، دامەزراندنی ڕێککەوتنە ئابورییە نێودەوڵەتییەکان و بلۆکی بازرگانی، لە هەمان کاتدا پێشکەوتن لە تەکنەلۆژیای پەیوەندی و گواستنەوە. لەم نێوەندەشدا دامەزراوەکانی وەک سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF)، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی (WTO) و بانکی جیهانی ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە داڕشتنی سیاسەتە ئابورییە جیهانییەکان، پێشخستنی بازرگانی ئازاد و ئاسانکاریکردنی ڕەوتی دارایی لە سەرانسەری وڵاتانی

جیهاندا. هەڵبەتە لەگەڵ ئامرازەکانیدا بە جۆرە جیاوازەکانی جیهانگیری ئابوریش ئاشنا بووین. واتە وەک دەرکەوت جیهانگیری بووەتە هۆی گەشەسەندنی ئابوری و داهێنان، بەتایبەتی لە بازاڕە تازەپێگەیشتوەکاندا، لەپاڵ ئەودا نایەکسانی ئابوری قووڵتر کردووەتەوە، پیشەسازییە ناوخۆییەکانی لەناوبردووە و بووەتە هۆی تێکچوونی ژینگە. جگە لەوەش، کاریگەریی بازاڕە داراییە جیهانییەکان سەروەری نیشتمانی کەمکردووەتەوە، توانای حکومەتەکانی بۆ ڕێکخستنی ئابورییەکانی خۆیان سنووردار کردووە. سەرەڕای ئەم ئاڵانگارییانە، جیهانگیری ئابوری هێشتا بەردەوامە لە داڕشتنەوەی شێوازەکانی بەکاربردن، یەکخستنی کەلتورەکان و پەرەپێدانی ئابورییەکی جیهانی زیاتر بەیەکەوە گرێدراو، لە هەمان کاتدا کاریگەرییە درێژخایەنەکانی لەسەر یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابوری.

## لیستی سەرچاوەکان


1بارام، حەسەن (٢٠١٧): جیهانگیری لە ڕوانگەی جیاوازەوە، دەزگای ئایدیا، سلێمانی.

بێک، ئۆلریش و ئەوانی تر (٢٠٢٠): گلۆباڵیزم، وەرگێڕانی ئارام مەحموود و ئەوانی تر، دەزگای ئایدیا، سلێمانی.

زێیاری، طاهر حسۆ (٢٠١٨): ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی لە کۆمەڵناسیدا، وەرگێڕانی شەهلا وەلی جبار، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

میسری، فوئاد مجید (٢٠١٣): جیهانگیری، چاپی سێهەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

جنات، ابن مفورة (٢٠١٧): أليات العولمة الاقتصادية و أثارها على السيادة، جامعة الإخوة منتوري قسنطية، مجلة العلوم الانسانية، عدد 47، الجزائر، 395-405.

طوير، لخضر (٢٠١٣): العولمة الاقتصادية دوافعها و ابعادها،جامعة زيان عاشور الجلفة، المجلد 5، العدد 11، الجزائر، 242-261.

عبدالحميد، عبدالمطلب (٢٠٠٦): العوامة الاقتصادية "منظماتها-شركاتها-تداعيتها"، الدار الجامعية للطباعة و النشر و التوزيع.

عبدالعزيز، أحمد و اخرون (٢٠١١): العولمة الاقتصادية و تأثيرها على الدول العربية، مجلة ادارة الأعمال، عدد 86.

Adıgüzel, Muhittin (2013): Ekonomik küreselleşmenin Türkiye ekonomisine etkileri, Akademik bakış dergisi, sayı35.

Albeni, Mesut ve Eroğlu, Ömer (2002): Küreselleşme, ekonomik krizler ve türkiye, Bilim kitabevi, İsparta.

Alçingi, Selver (2021): ekonomik küreselleşme ve ekonomik krizler, iktisad anabilimdalı, yayınlanmamış yüksek lisan tezi, kahramanmaraş sütçü imam üniversitesi, kahramanmaraş.

Aşırım, Mehtap (2021): ekonomik kireselleşme ve istihdam ilişkisi, yayınlanmamış yüksek lisans tezi, kafkas üniversitesi, iktisad anabilim dalı, kars.

Aydemir, Cahit ve Kaya, Mehmet (2007): Küreselleşme kavramı ve ekonomik yönü, Elektronik sosyal bilimler dergisi, cilt6, sayı20, 260-282.

Baylis, John and others (2008): The globalization of world politics: an introduction to international relations, Oxford university press, Eightith edition, Oxford.

Bozkurt, Veysal (1999): Küreselleşme ve Türkiye, Ezgi kitabevi, Bursa.

Giddens, Anthony, 2000, The globalizing of modernity, from the global transformations' reader, ed. David Held, Anthony McCrew, Polity press.

Hasanoğlu, Mürteza (2001): Küreselleşmenin devlet yönetimine etkileri, Sayıştay dergisi, sayı43.

Kazgan, Gülten (2009): Küreselleşme ve ulus-devlet: yeni ekonomik düzen, Istanbul Bilgi üniversitesi yayınları, Istanbul.

Seyidoğlu, Halil (2003): Uluslararası mali krizler, IMF politikaları, az gelişmiş ülkeler, türkiye ve dönüşüm ekonomileri, Doğuş üniversitesi dergisi, cilt4, sayı2, 141-156.

Stiglitz, Joseph (2006): Küreselleşme: büyük hayal kırıklığı, çev: Arzu Taşçıoğlu, Deniz Vural, Plan B yayınevi, 3.baskı, İstanbul.